# نەوشیروان مستەفا : سەرکردەیەکی نیشتمانی و نەتەوەیی دوێنێ و ، محلی و ناوچەیی ئەمڕۆ ؟

## هێمن کەرکوکی

*2004/6/23*

*نەوشیروان مستەفا یەک لەو سەرکردە لێهاتوانەی کوردە ، کە لە سەر ئاستی کوردستانی گەورە ناسراو بووە ، بە هۆی ئەوەی خاوەن کەسایەتیەکی تایبەتی خۆی بووە و هەندێک خەسڵەتی جیاکەرەوەی هەبوە و بە کەسێکی مەیدانی و سیاسیەکی واقع بین و توندڕەو ناوی دابۆوە لە ناو جولانەوەی سیاسی کوردا ، وەک سکرتێری کۆمەڵەی ڕەنجەدەرانی کوردستان ، کە داینەمۆو هەڵسوڕێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو لە سەردەمی خۆیدا ، جێ پەنجە و هەڵوێستی لە سەر زۆربەی بوار و ڕوداوەکانی کوردستان دیار بووە جگە لە هاوسۆزی نەبێت بەرانبەر نەزار خەزرەجی و پشتگیری نەکردنی بۆ دادگایی کردنەکەی ، لە ڕاپەڕینی ساڵی 1991 گەورەترین سەروەری مێژووی بۆ خۆی تۆمار کرد کاتێک جەختی لە سەر پێویستی ڕزگار کردنی شاری کەرکوک کرد و تەنانەت سەرکردایەتی ئازادکردنەکەیشی لە ئەستوگرت ، بە پێی ئەو پێوەر وخوێندنەوەیەی لە سەرەوە ئاماژەم پێ کرد ، ئێمە لە کەرکوکدا کاک نەوشیروانمان بە سەرکردەو پاڵەوانێکی نیشتمانی و نەتەوەی ناودەبرد ، کە چی ئێستا کاک نەوشیروان وەرچەرخانی بە سەر کەسایەتی و هەڵوێست و خەباتی خۆیدا هێناوە و بە بێ پەردە بانگەشەی خەباتی ناوچەی و شارچێتی دەکات ، بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستیانە ، ڕۆژی 2004/6/21 لە کاتی پێشکەش کردنی بابەتێکدا لە سەر باری کەرکوک بۆ پەیمانگای کادران لە قەڵاچوڵان ، کە خولێکی تایبەتە بە مەڵبەندی کەرکوک ، کاک نەوشیروان وتویەتی :-*

- ئێمە لە سلێمانی هێلانەیەکی بچوکمان بۆخۆمان دروست کردووە و ئامادەنین جارێکی تر لە سەر کەرکوک تێکی بدەینەوە .
- 13 ساڵە خەڵکی کەرکوک بە ناوی ئاوارەیی یەکێتی دەدۆشێت و ئێستا بۆ ناگەڕێنەوە ، لە بانقەکان چەندین ملوێن دینارمان بۆتان داناوە و چاوەڕێی چی دەکەن لەوە زیاتر .
- سلێمانی لە دەرەوەی یەکێتیش خەڵکی لێ هەڵکەوتوە و نمونەی تەها محیالدین مەعروف و ساماڵ مەجید فەرەجی ناو دەسەڵاتی بەعسی هێناوەتەوە .
- بە ناوی کەرکوکەوە ، شەخسیات و سەرکردە و مەکتەبی سیاسیامان پارێزگارمان بۆتان دروست کردووە ، تا ئێستا خێزانەکانی خۆیان نەبردۆتەوە بۆ کەرکوک .

www.kurdistannet.org

- شەڕی کەرکوک دەبێت خەڵکی کەرکوک خۆی بیکات و ، خەڵکی سلێمانی نایات خۆی لە سەر کەرکوک بە کوشت بدات ، ئێمە ئیتر ئەتوانین تەنها پشتیوانی و هاوکاریتان بکەین .
- دەیان ساڵە یەکێتی و بزوتنەوەی سیاسی کورد بونەتە قوربانی و سوتەمەنی کەرکوک ، ئەگینا هەر زوو لە گەڵ ڕژێم ڕێکدەکەوتین .
- لە وەڵامی برادەرێک کە باسی قوربانیەکانی کەرکوکی کردووە کاک نەوشیروان وتویەتی وەرن سەیری گردی سەیوان کەن ئەوسا دەزانن خەڵکی سلێمانی چەنێ قوربانی و شەهیدی هەیە .

دیارە کاک نەوشیراونیش کەرکوکی بە هاولاتی کوردی پلە دوو و قیرسیای دادەنێت بۆیە بەو شێوەیە تێیان دەڕوانێت و پێی ڕەوایە دوای ئەوەی کەرکوکی شەڕی لە سەر دوا بستی شاروشاروچکەکانی کوردستان پێ کرا ، ئێستا دەیەوێت شەڕی کەرکوک تەنها بە کەرکوکی بکات ، هەڵبەتە من لێرەدا نامەوێت وتەکانی کاک نەوشیروان شی بکەمەوە چونکە قسەکانی ڕونە و بێ پەردەیە و هەڵوێست و مەبەستی خۆی سەلماندوە و هەڵدەگرێت کتێب و نامیلکەی لە سەر بنوسرێتەوە ، بەمەش غەدرێکی گەورەی لە خۆی کردووە ، پێش ئەوەی لە کەرکوکی بکات ، چونکە متمانەی خۆی لە سنوری شارێکی یەک ملوێن و نیوی لە دەست دا و باشترین بەڵگەش ، پاش تەواوکردنی قسەکانی و بە جێهێشتنی هۆڵەکە یەک کەسیان لە دوای نەچونە تا بە ڕێی بخەن و کەسیش داوای وێنە گرتنی لە گەڵی نەکردووە ، بە پێچەوانەی ئەوەی لە گەڵ هەموو ئەو هەڤاڵ و سەرکردانەی تر کە موحازەرەیان لەوێ پێشکەش کردووە ڕوی داوە .

ماوەتەوە بڵێم خۆزگا هەر کاک نەوشیروانمان لە دورەوە بناسیبایا هەر وەک کورد وتەنی ، دەنگی دهۆڵ لە دورەوە خۆشە و ڕەنگە هەر ئەمە ئەسڵ و ناوەڕۆکی کاکە نەوشیروان بوبێت و ئێمە نەمان ناسیبێت ، چونکە لە نوسینەوەی مێژووی (ی.ن.ک) کە باسی ڕاپەڕینەکەی ساڵی 1982 دەکات دەڵێت : ئەڵێن لە ساڵی 1982 لە کەرکوک ڕاپەڕینێک کراوە ، وەک ئەوەی ئەو خۆپیشاندانە کۆمەڵە ڕەنجدەرانی کوردستان ڕێکی نەخستبێت و ڕێبەرایەتی نەکردبێت ، هەروەها لە بەشێکی تری نوسینەکانیدا هاتوە ، دەڵێت لە سوریا بارەگایەکمان هەبو و کەوێکمان هەبوو زۆرمان خۆش دەویست ، پ.م کەرکوکی خواردوی زۆرم قسە پێی وت .